**نوسینی: مایکڵ لیزنبێرگ**

# ئەنفال لەکوردستانی عیراق

**وەرگێڕانی:**

**کارزان محەمەد**

ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران

سلێمانی ـ ٢٠١١

ئەنفال لەکوردستانی عیراق

نوسینی: مایکڵ لیزنبێرگ

وەرگێڕانی: کارزان محەمەد

بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران

سلێمانی ـ ٢٠١١

ژمارەی سپاردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان

(1536) ساڵی ٢٠١١

لە دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی چاپکراوە

دیزاین: ئەمیرە عومەر

تیراژ: (٤٠٠٠)

ژمارەی زنجیرە: (١٨)

**ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران**

دامەزراوەیەکی کەلتورییە بەپێی بڕیاری کۆنگرەی سێی ساڵی ٢٠١٠ ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دامەزراوە، ئەرکەکەی بریتییە لە دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی هۆشیارکردنەوەی سیاسی، فراوان کردنی چوارچێوەکانی رۆشنبیریی گشتی، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسیو مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵدا، تاوتوێ کردنی مەسەلەکانی بیری هاوچەرخو دابینکردنی کەرەستەی پێویست بۆ پێگەیاندنی کادیران لە بوارە هەمەجۆرەکاندا.

**سەرپەرشتیاری زنجیرە: تەحسین نامیق**

# ئەنفال
# لە کوردستانی عیراق

کارەساتی ئەنفالی کوردەکانی عیراق کە ڕژێمی سەدام لە ساڵی (١٩٨٨) لە کوردستانی عیراق ئەنجامیدا، یەکێکە لە گرنگترین نمونەکانی جینۆساید لە سەدەی بیستەمدا. ئەو شاڵاوەی کە بڕیاروابوو دژ بە تێکۆشەران و پێشمەرگە کوردەکان ئەنجام بدرێت، سەرەنجام بووەمایەی مەرگی هەزاران هاوڵاتی لەعیراقدا.



ئەو دیکۆمێنتانەی لەو قۆناغەوە بەدەستهاتووە، بە باشی ئامانجی ڕژێمی عیراق لەم جینۆسایدەدا نیشان دەدات، لەم دیکۆمێنتانەدا بەئاشکرا هاتووە کە ئامانجی هێرشەکە گشت هاوڵاتیانی کوردی عیراق بووە. ئاماری قوربانیانی ئەم جینۆسایدە بە (٥٠) پەنجا هەزار تا (٢٠٠) هەزار کەس دەخەملێنرێت، ئەگەر ئاماری ئاوارەکانیشی بۆ زیاد بکەین، ئەم ژمارەیە زۆر پتر دەبێت.

لەم شاڵاوانەدا زیاتر لە (١,٠٠٠) هەزار گوندی کوردنشینیش لەگەڵ کێڵگە کشتوکاڵی و باخەکانیاندا لەنێوچوو. دیکۆمێنتە بەدەستهاتووەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە داڕشتنی نەخشەی شاڵاوەکان، یەکێك بووە لەئاڵۆزترین پرۆسە بیرۆکراتی و نهێنیەکانی ڕژێمی سەدام حسێن. سەرەڕای شایەتحاڵەکان و

پاشماوەکانی ئەنفال، کۆمەڵە دیکۆمێنتێکی حکومی بێشوماری ئەم ڕووداوەش بەدەستهێنراوەو پتەوترین و بەرچاوترین بەڵگەنامەش دژ بەئەنجامدەرانی ئەم شاڵاوانە لەبەردەستاندایە.

بەر لەساڵی (٢٠٠٣) و پاکسازی هەمەلایەنەی ڕژێمی سەدام، چانسی هێنانەبەردەم دادگاو توێژینەوەی وردی ئەم تاوانە هێندە نەبوو، بەڵام ئێستا زۆرینەی بکەرانی سەرەکی ئەم جینۆسایدە (کە گرنگترینیان ئامۆزای سەدام حسێن واتا عەلی حەسەن ئەلمەجیدە) دەستگیر کراون و ئەوانیتریش بەدوایاندا دەگەڕێن. هێشتا نازانم ئەوان لەدادگادا دەربارەی ڕۆڵی خۆیان لەدۆسیەی ئەنفالدا چ دەڵێن، ئەگەرچی دیکۆمێنت و بەڵگەنامەیەکی زۆر لەبارەی کارەساتی ئەنفالەوە هەیە، دوای ڕاپۆرتی



چاودێری مافەکانی مرۆڤ لەساڵی (١٩٩٥) بەناوی (جینۆساید لە عیراق)[1]، هێشتا هیچ لێکۆڵینەوەیەکی دیکۆمێنتاری سەرتاپاگیرو ورد بڵاونەکراوەتەوە کە سەرجەم ڕەهەندەکانی کارەساتەکە لەخۆبگرێت. ئەوەی لەم وتارەدا باس دەکرێت، بەزۆریی پشتی بەو دیکۆمێنتانە بەستووە کە لەم ڕاپۆرتەدا خراوەتەڕوو.

لە بەهاری (١٩٨٧)دا، عیراق لە گێژاوێکی تەواودا گیرۆدە ببوو. ئێران لەمانگی ئازاردا لەگەڵ پێشمەرگە کوردەکانی عیراق ببووە هاوپەیمان و

[1]- ئەم ڕاپۆرتە لەدووتوێی کتێبێکی (٦٠٠) لاپەڕەیی لەژێرناوی (جینۆساید لە عیراقدا و پەلاماری ئەنفال بۆسەر کورد) لە وەرگێڕانی (سیامەندی موفتی زادە) ساڵی (١٩٩٩) لەلایەن (ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاك)ەوە بەزمانی کوردی بڵاوکرایەوە (وەرگێڕ).

بەرەی باکوری جەنگەکەی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە.

لەهەمانساڵدا، پارتە سەرەکیەکانی کوردستان وەك پارتی دیموکراتی کوردستان بەسەرکردایەتی مەسعود بارزانیو یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بەسەرکردایەتی جەلال تاڵەبانی، بڕیاریاندا دژ بەدووژمن یەکبگرن و ناکۆکییە دێرینەکانی خۆیان وەلابنێن. هاوپەیمانێتی تاکتیکی کوردان لەگەڵ ئێراندا، هەڕەشەیەکی مەترسیدار بوو بۆسەر ڕژێمی عیراق، سەدامی بەچەشنێك تورە کرد کە بڕیاری کاردانەوەیەکی زۆر توند و نالۆژیکی دەرکرد.

رۆژی ٢٩ی ئازار، سەدام بڕیاری ژمارە (١٦٠)ی دەرکرد و ئەلمەجیدی بانگهێشت کرد. ئەلمەجید لەو سەردەمەدا جێگری سەدام بۆ کاروباری باکوری عیراق و بەرپرسی پەیوەندییەکانی حکومەتی



سەدام بوو لە ناوچە کوردنشینەکاندا. ئەلمەجید دوای هاریکاریی لەگەڵ سەدامدا، بڕیاریدا سەرجەم ناوچەکە لە کەس و دامەزراوە سەربازییەکانەوە بگرە تا دەگاتە هاوڵاتیانی مەدەنی و ناوەندە کۆمەڵایەتیەکان، پاکسازی بکات.

نیسانی هەمان ساڵ فەرمانی یەکەمین هێرشی دەرکرد کە بۆمبارانی کیمیاییانەی ئەو ناوچانە بوو کە بارەگای پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بوو، ئەو گوند و شارانەشی گرتەوە کە نانیان دەدایە ئەم پێشمەرگانە و پەنادەریان بوون، تەنها لەو هێرشەدا (٧٠٣) گوندی کوردنشین لەنێوچوو.

ئەم هێرشانە چەند مانگێك دواخرا، زیاتر لەبەر ئەم هۆکارە بوو کە عیراق بەتوندی ئاڵودەی جەنگ بوو لەگەڵ ئێراندا، بەڵام لەهەمان ئەو چالاکیە

سەرەتاییانەوە دەردەکەوت چ ئایندەیەك چاوەڕوانی کوردەکانە.

بەپێی فەرمانی (٢٨/٣٦٥٠) لە مێژووی (٣ی حوزەیران) دا بە پێنوسی خودی (عەلی حەسەن ئەلمەجید) نوسراوە:"هێزە چەکدارەکان ئەرکی سەرشانیانە لەم ناوچەیەدا هەر بوونەوەرێکی زیندوو بە مرۆڤ و گیانلەبەرەوە لەناویان ببەن".

بەپێی فەرمانی (٢٨/٤٠٠٨) لە مێژووی (٢٠)ی حوزەیراندا، فەرمانی کوشتنی سەرجەم دیلەکانی لەخۆگرتووە:"ئەوانەی کە لەنێوان ١٥ تا ٧٠ ساڵدان، دوای لێکۆڵینەوە و بەدەستهێنانی زانیاری پێویست لێیانەوە، دەبێ لەسێدارە بدرێن". هەردوو فەرمانەکە خاڵی لوتکەی ئەو سیاسەتانەیە کە ڕژێمی عیراق لە ساڵی (١٩٧٠)ەوە، دژ بە کوردەکان دایڕشتبوو.



هەنگاوی دواتر، ئەو سەرژمێرییە میللیە بوو کە لە (١٧ی ئەیلولی ساڵی ١٩٨٧) بەڕێوەچوو، بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ، لەم سەرژمێریەدا کە لەناوچەکانی باکوردا بەوردەکارییەکی زیاترەوە بەڕێوەچوو، ئامانجەکەی بەرلەوەی بۆ بەدەستهێنانی زانیاری دەربارەی خەڵك بێت، زیاتر بۆ ناسینی کوردەکانو بەدەستهێنانی زانیاری پێویست بوو لەپێناو داڕشتنی پیلانەکانی دواتردا.

بەدرێژایی ئەم سەرژمێرییە، زۆربەی کوردەکان ماڵەکانی خۆیان جێهێشتو پەنایان بۆ ئەو ناوچانە برد کە لەحکومەتەوە دوور بوون، بەتایبەتی ئەوانەی ئەندامانی خێزان و خزمەکانیان لەڕیزی تێکۆشەرە کوردەکاندا بوو، سەرجەم هەوڵەکانی

خۆیان خستەگەڕ تا لەوناوچانەدا بن کە لەدەستی حکومەتەوە دوورن.

بەپێی بڕیارێکی ڕژێمی عیراق، ئەو کەسانەی لەم سەرژمێرییەدا هەژمار نەکراون، ئیمتیازی هاوڵاتیبوونی عیراق لەدەست دەدەن و بە دووژمن و خراپەکار هەژمار دەکران و بڕیاری لەسێدارەدانیان بۆ دەردەکرا. ئێستاش بەشێوەیەکی ورد، سەرجەم ناوچە شاخاوییەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەت کە کوردەکانیش پەنایان بۆ بردبوو، زانیارییەکی ئەوتۆیان لەبارەیەوە نەزانرا. لەو سەردەمەدا، تەنها ناوچە شاخاوی و ناوچە هاوسنورەکانی ئێران لە دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی عیراقدا بوون.

ئەنفال لەهەمانکاتدا بەومانایەی کە دەیناسینەوە، تا شوباتی (١٩٨٨) دەستی



پێنەکرد، واتا لەوسەردەمەدا کە ڕژێمی عیراق هەستی بەوە کرد ئێران لەناوچەکانی باکوری عیراق گەیشتۆتە ئەو قۆناغە کاریگەرەی کە سەربازی تیادا پەروەردە بکاتو ژمارەیەك لە کوردەکانی عیراق لەپێناو ئێراندا دەجەنگن. ڕەهەندەکانی ئەم هاریکارییە فراوانتر بوو، هەماهەنگی نێوان هێزەکانی ئێران و کوردەکانی عیراقیش، ڕەهەندی نوێترو سیستەماتیکتری بەخۆوەبینیبوو.

یەکەمین چالاکی ئەنفال لە (٢٣)ی شوباتدا، دژ بەئەندامانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەستیپێکرد[٢] کە لەنزیك سنوری ئێران نیشتەجێ ببوون.

٢- بەپێی هەندێ سەرچاوە یەکەمین هێرشی ئەنفال لە (١٧/١٨-٢-١٩٨٨) بۆسەر ناوچەی دۆڵی جافایەتی لە سنوری قەزا و ناحیەکانی (دوکان، بنگرد، چوارتا، قەلاچوالان، سەرچنار، سورداش) دەستیپێکرد کە سەر بە پارێزگای سلێمانین. قۆناغی

زۆربەی گوندە کوردنشینەکانی سنور پەرشوبڵاو کران، دانیشتوانەکانیان بۆ ئیران هەڵاتن یاخود پەنایان بردەبەر شارە مەزنەکانی کوردستانی عیراق. بەم پێیە یەکەمین چالاکی ئەنفال، زیانێکی زۆری لەناو کەسانی مەدەنیدا نەبوو، بەڵام لەقۆناغەکانی دواتردا بارودۆخەکەیان گەیاندە هەمان بارودۆخ.

---

یەکەم لە (١٨/١٩-٣-١٩٨٨) بە گرتنی سەرگەڵوو و بەرگەڵو کۆتایهات. بۆ زانیاری زیاتر بنۆڕە: زیاد عەبدولرەحمان: تونی مەرگ، تەوریز ١٩٩٥، لا ٧-٨.

لێرەدا نوسەر پێدەچێ بەگوێرەی پەرتوکی (جینۆساید لە عیراقدا و پەلاماری ئەنفال بۆسەر کورد)ی ڕێکخراوی (میدڵ ئیست وۆچ) ئەو ڕۆژەی بەدەستپێکی قۆناغی یەکەمی ئەنفال دانابێت، چونکە پەرتوکی ناوبراو لە لاپەڕە (٥٩)دا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ڕۆژی (٢٣)ی شوبات هێرشەکە دەستیپێکردووە.

(وەرگێڕی کوردی)



لەمانگەکانی دواتردا، حەوت هێرشیتر ئەنجام درا. میلیتاریستەکانی بەعس بەشێوەیەکی سیستەماتیك ناوچە هەستیارەکانی ژێر کۆنترۆڵی کوردەکانیان کردبووە ئامانج. سوپای عیراق لەزەمینیو ئاسمانیەوە هێرشیان کردەسەر ئەم ناوچەیە، درێغیان لەبەکارهێنانی بۆمبە کیمیاییەکانیش نەدەکرد.

دیاربوو دوائامانجی ئەم هێرشانە، کوشتنی بەکۆمەڵی خەڵك و پێشمەرگە بوو، دوای هێرشە ئاسمانیو کیمیاییەکان، هێزە زەمینیەکان بازنەی گەمارۆدانیان تەنگتر دەکردو سەربازە پیادەکانی سوپای عیراق هێرشیان کردەسەر گوندەکان و شارە کوردنشینەکانو خەڵکیان جینۆساید کرد.

دیلەکانی کورد سەرەتا بۆ ئۆردوگاکان و زیندانیە ناوچەییەکان نێردران، لە قۆناغی دواتردا

بۆ ئۆردوگا سەربازییەکانی دەوروبەری شاری کەرکوك، تکریت و دهۆك گوێزرانەوە. لەم ئۆردوگایانەدا، زیندانیەکان لەسەربنەمای ڕەگەز و تەمەن پۆلێنبەندی کران و گشت پارە و پولەکانیان لێسەندرا. پیاوەکانیان سواری ئۆتۆمبێلە سەربازییەکان کردو بۆ ناوەندەکانی تایبەت بە لەسێدارەدان گوێزرانەوە کە کەوتبوونە ناوەڕاستی عیراقەوە. بەهەرحاڵ، ژمارەیەك لە کوردەکانی عیراق توانیان گیانیان لەم جینۆسایدە دەرباز بکەن و شایەتحاڵەکان ئەوە دەگێڕنەوە کە چۆن بەچاوی خۆیان بینیویانە بە بلدۆزەر زەویان هەڵدەکەندو لەهەر چاڵێکدا سەدان لاشەیان تیادا فڕێدەدا. بەمشێوەیە، دەیان هەزار کورد تەنها بەتاوانی کوردبوون و ژیان لەناوچە کوردنشینەکاندا، کوژران.



ژمارەیەکی بێشوماری ژن و منداڵ و پیریش لەم نێوانەدا لەناوچوون، زۆربەی ژنانی کورد بەهۆی هەوەسی نەگریسی ئەفسەرانی بەعس بەزیندوویی مانەوە. نەك تەنها لە عیراق، بەڵکو لە کوێت و عەرەبستانی سعودییەش کرانە کەنیزەی پیاوە دەوڵەمەندەکان. بەڵگەنامەیەك یاخود پۆلێنبەندییەکی "زۆر نهێنی" بەقەڵەمی یەکێك لە جەنەڕاڵەکانی سوپای عیراق بەدەستهێنراوە کە تیایدا بەم چەشنە نوسراوە:"ژمارەیەکی زۆری کچانی تەمەن (١٤) چواردە تا (٢٩) بیستونۆ ساڵ لەنێوان دیلەکاندا بوون کە نێردراون بۆ حەرەمسەراو یانە شەوانەییەکانی میسر".

ئەو زیندانیانەی پیر و بەساڵاچوو بوون، گوێزرانەوە بۆ ئۆردوگاکانی کاری زۆرەملێ ی (نوگرە سەلمان)ی باشوری عیراق، لەچەند مانگی

**یەکەمدا پتر لە ڕێژەی (١٠٪)ی ئەو زیندانیانە بەهۆی کاری سەخت و هەلومەرجی نەگونجاوەوە گیانیان لەدەستدا. بەرپرسانی ئۆردوگاکە، لاشەی ئەم کەسانەیان نەدەناشت و لە گەرمای هاوینی باشوری عیراقدا، فڕێیان دەدان.**

**لە ئابی (١٩٨٨)دا ئاگربەستێك لەنێوان ئێران و عیراقدا ڕاگەیەندرا، سوپای عیراق ئیدی کاتێکی تەواوی هەبوو تا بەوپەڕی حەزو ئارەزووەوە جینۆسایدی کوردان بگەیەنێتە ئەنجام.**

**لەناوچەی بادینانی سەرسنوری تورکیادا کە پاشماوەی بنکە و ئامرازی کوردەکانی تێدامابوو، دووربوون لە دەستڕاگەیشتنی سوپای عیراقەوە، لە (٢٥)ی ئابدا دواهێرشی ئەنفالی بۆ کرا و کاولکران.**



**(٦٠) هەزار کورد لەم نێوانەدا پەنایان بۆ تورکیا برد. دوای ئەم کۆچە بەکۆمەڵەش بۆمبارانی کیمیایی سوپای عیراق سەرلەنوێ بووەمایەی بایەخپێدانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان، ئەو ڕاپۆرتانەی بەرلەو هێرشە دەربارەی کیمیابارانی شارۆچکەی هەڵەبجە بڵاوکرابۆوە، دووبارە سەرنجی جیهانی بۆلای خۆی ڕاکێش کرد. ڕووداوەکە ڕاکێشکرایە بەردەم ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، عیراقیەکان بە زیرەکیەوە توانیان سود لە بارودۆخی جەنگی سارد وەربگرن، بە پشتیوانی ئەمریکا خۆیان لە مەترسی ئابلۆقە دەرباز بکەن.**

**لەبەهاری (١٩٨٩)دا، ئەلمەجید دەستی لەپۆستەکەی خۆی کێشایەوە.[٣] لەڕوانگەی**

---

**٣- عەلی حەسەن ئەلمەجید لە ١٥ی نیسانی ١٩٨٩ دەستی لەکارکێشایەوە و لەبری ئەو، (حەسەن عەلی ئەلعامری) بوو بە**

حکومەتی عیراقەوە، بۆ هەمیشە مەترسی کوردەکان نەمابوو. حیزبە سەرەکیەکانی کورد هێزی خۆیان لەدەست دابوو، هێرشە سەنگینەکانی حکومەت لەپەلوپۆی خستبوون.

لەلایەکترەوە کوردەکان ڕووبەڕووی ناڕەزایی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش ببوونەوە، ئەو ڕاپۆرتانەی گەیشتبوون جەختیان لەوە دەکردەوە کە لە هەندێ لەناوچەکاندا، پێشمەرگە کوردەکان وەك قەڵغان سودیان لە خەڵکە بێتاوانەکە وەرگرتووە، ئەم کارەش ڕەخنەیەکی ناوخۆیی و دەرەکی توندی بەدواوەبوو.

---

سکرتێری گشتی نوسینگەی باکور، بۆ دەقی وتاردانی دەست لەکارکێشانەوەکەی عەلی کیمیایی بنۆڕە: جینۆساید لە عیراقدا و پەلاماری ئەنفال بۆسەر کورد، ڕێکخراوی (میدڵ ئیست وۆچ)، وەرگێڕانی سیامەندی موفتی زادە، چاپخانەی خاك چاپی یەکەم ١٩٩٩، لا (٥٧٣). (وەرگێڕی کوردی)



لەلایەکیترەوە، عیراقییەکان، کوردەکانیان پەراگەندە کردبوو و زۆربەی دانیشتوانەکانیان لەئۆردوگاکاندا نیشتەجێ کرابوون. لەم کۆمەڵە چالاکیەی سوپای عیراقدا نزیکەی (١,٢٠٠) گوندی کوردنشین وێران کران. لەبارەی ئاماری کوژراوەکانیش ناکۆکیەکی زۆر هەبوو. سەرچاوە کوردیەکان ئەم ژمارەیە بە (١٨٢,٠٠٠) هەزار کەس ڕادەگەیەنن کە کەمێ لەڕاستیەوە بەدوور دێتەبەرچاو. چاودێرانی مافی مرۆڤ کەمێ خۆپارێزانەتر کاریان کرد، ئامارەکە کوژراوەکانی بە(٥٠ تا ١٠٠) هەزار کەس ڕاگەیاند، لەدانوستاندنی ساڵی (١٩٩١)ی نێوان کوردەکان و حکومەتی عیراقدا، ئەلمەجید ڕستەیەکی ژنەوت کە خودی حکومەتی بەعسی دەردەخست و وتی:"١٨٢ هەزار کەس! بۆچی چییە؟ بڕواناکەم لە ١٠٠ هەزار کەس پترمان کوشتبێ!".

کارەساتی ئەنفال ترۆپکی جەنگە درێژخایەنەکانی نێوان ڕژێمی عێراق و کوردە ناسیۆنالیستەکان بوو، بەڵام دڵڕەقیو دڕندەیی بێئەندازەی ڕژێمی عێراق تا ماوەیەکی زۆر دوور لە چاوی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی مایەوە. گرنگترین کارەسات هەردوو پرۆسەی ئەنفال و بۆمبارانی هەڵەبجە بوو لە ئازاری (١٩٨٨)دا، بەڵام تا دوای جەنگی کەنداوی فارس لە ساڵی (١٩٩١)، شێوەی فۆرمەڵەبوونو پیلاندانانی ئەم پرۆسەیە و بەئانقەست ئەنجامدانی سەرجەم قۆناغەکانی، دوور لەچاوی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی مابۆوە.

دوای جەنگی کەنداوی فارس و نەفرەتی جیهان لەڕژێمی سەدام، هەزاران هەزار دیکۆمێنت لەناوەندە حکومیە جۆراوجۆرەکانەوە پەیدا کرا کە تائەندازەیەک نیشاندەری لوتکەی کارەساتی جینۆسایدی (١٩٨٨)ە.



ئەگەرچی هەنوکە کۆمەڵە پرسیارێکی زۆر بێ وەڵام ماونەتەوە، بەڵام ئەوەی بەدەستهاتبوو بەئەندازەیەکی تەواو بەڵگەیەکی لەپێناو پێکهێنانی دۆسیەیەک بۆ ڕژێمی عێراق بەتاوانی جینۆساید دەدا بەدەستەوە.

حکومەتی عێراق ڕەسەنێتی ئەم دیکۆمێنتانەی خستەژێر پرسیارەوە، بەڵام پێناچێ ئەم دیکۆمێنتانە تەزویر بن. ئەم دیکۆمێنتانە تۆڕێکی بەیەکەوەبەستراو و ئاڵۆز بوون لەو نامە بیرۆکراتیانەی کە لەزۆر بواردا لەگەڵ تێڕوانینی شایەتحاڵەکان و ڕزگاربوواندا تەبا بوو. لەو دیکۆمێنتانەدا ئاماژەکردنی ڕاستەوخۆ بۆ مەبەستی حکومەت بە پەنجە هەژمار دەکران، ژمارەیەکی کەم لەو دیکۆمێنتانە بەشێوەیەکی ڕاشکاوانە ئاماژەی لەبارەی کوشتار و جینۆساید و

بۆمبارانی کیمیاییەوە تێدابوو، تەنانەت دیکۆمێنتە ناوخۆییەکانیش بەشێوەیەکی ڕاشکاوانە ناوی هێرشەکانیان نەهێنابوو و تیایاندا تەنها ئاماژە بۆ (هێرشە تایبەتەکان) و هاوشێوەکانی کرابوو.

بەکۆکردنەوەی دیکۆمێنتە پەیداکراوەکان و شایەتحاڵە ڕزگاربووەکان، دەتوانرێ وێنەیەکی تائەندازەیەك ورد لەبارەی فەرمانەکان و پاڵنەرەکانی سەرکردایەتی عیراق دەستەبەر بکرێت، ئەو سەربازانەی لەم پرۆسەیەدا بەشداریان کردبوو بریتیبوون لە فەیلەقی یەکەم، دووەم و پێنجەمی سوپای عیراق، دەزگای هێزە ئەمنییەکان، ئەندامانی سەرەکی حیزبی بەعس و ئەو جاشە کوردانەش کە ئامادەبوون هاریکاریی بەعسیەکان بکەن. ئەلمەجید دوابڕیاری دەرکردبوو و لەم پرۆسەیەشدا سەدام دەسەڵاتی تەواوی پێبەخشی بوو.



لەجێبەجێکردنی ئەم پرۆسانەدا، کۆمەڵە جیاوازییەکی بنچینەیی بەرچاو دەکەوت. لە ئەنفالی یەکەمدا، زیانێکی ئەوتۆ بە مەدەنییەکان نەگەیشت. لە ئەنفالەکانی دواتردا، پیاوان دەستگیر دەکران و بۆ ناوەندەکانی لەسێدارەدانی بەکۆمەڵ دەنێردران، بەڵام لە ئەنفالەکانی کۆتاییدا بەعسیەکان چیتر دیلیان نەدەگرت و هەرکەسێکیان ببینیایە، دەیانکوشت. تەنها لە پرۆسەی کەرکوکدا[٤] ژنان و منداڵان بەشێوەیەکی بێوێنە لەسێدارە دەدران. سەرجەم ئەم لەسێدارەدانانە لە سەرەوە ڕێنما دەکران، ئامانجی سەرەکی بەرپرسانیش توندترین کاردانەوە بوو لەهەمبەر بچوکترین بەرگریدا، یاخود ئەفسەر و سەربازەکان خۆیان ئەو کارانەیان ئەنجام دەدا.

٤- لێرەدا مەبەستی لە ئەنفالی گەرمیانە... (وەرگێڕی کوردی)

**دیکۆمێنت و بەڵگەنامەکان نیشانی دەدەن کە پرۆسەکە بەتەواوەتی نهێنیانە بووە و کەمترین کەس هەواڵی دەربارەی چۆنیەتی ئەنجامدانەکەی دەزانی، بەڵام ئەم ئاڵۆزی بیرۆکراتیەت و پێکهاتەی ئەو پرۆسە ئاڵۆزە، نەبووەمایەی ئەوەی کۆنترۆڵی کارەکە لە دەست دەسەڵاتی ناوەندی نەچێتە دەرەوە.**

**کۆمەڵە ئاماژەیەك هەن بەڵگەن لەسەر ئەمەی لە هەندێ هەلومەرجدا ژەنەراڵەکانی سوپا زانیاریان لەبارەی ڕووداوەکانەوە نەبووە، ئەفسەرەکانی ناوچەکەش سەربەخۆیانە هەنگاویان بۆ لەسێدارەدانی کوردەکان دەنا، بەڵام هێرشی بەعسیەکان بۆ ناوچە کوردنشینەکان بەبێ بەرگرییش نەمایەوە، بەتایبەتی لە هەولێر خەڵك پەنای گوندنشینە هەڵاتووەکانیان دەدا.**



**لەئەنفالی پێنجەمدا، پێشمەرگە کوردەکان لەهەمبەر سەربازانی ڕژێمدا ڕاوەستان‌و پاشەکشەیان پێکردن.**

**بەشێوەیەکی گشتی دەبێ بوترێ کارەساتی ئەنفال جیاوازییەکی بنچینەیی لەگەڵ جۆرەکانیتری جینۆساید هەبوو، لەمبارەیەوە هیچ جۆرە ڕقێکی نەژادی لەئارادا نەبوو و ئەنجامدەرانی تاوانەکە پەنایان نەبردبووەبەر ئامرازی ڕقی نەتەوەیی دژ بەنەتەوەیەکیتر، بەڵکو کارە سەرەکیەکەیان پیلاندانان بوو لەڕێگەی دامەزراوەیەکی زۆر نهێنی‌و ئاڵۆزەوە.**

**لەپرۆسەی چالاکیەکانی سوپای عیراق دژ بەکوردەکان، چەکدارە بەکرێگیراوە کوردەکان کە لەزمانی کوردیدا بەجاش ناوزەدیان دەکردن، ڕۆڵێکی گرنگیان لە سەرخستنی سوپادا گێڕا.**

رژێمی عیراق ئەم جاشانەی لە سەرەتاکانی دەیەی (١٩٨٠)دا ڕێکخست، تا ببنە ئامرازێکی کاریگەر بۆ کۆنترۆڵی حکومەت بەسەر ناوچە کوردنشینەکاندا. گرنگترین بەڵگەی کوردەکان بۆ ئەندامێتی لەم گروپەدا ئەمە بوو کە جاشەکان لەبەشداری جەنگی دژەئێراندا دەبەخشران و دەیانتوانی لەڕووی داراییەوە بژێوییەکی تائەندازەیەك ئاسودەیان هەبێت. زۆربەی سەرۆك عەشیرەتەکان لە گوندەکانی کوردستاندا، پەیوەندیەکی نزیکیان هەم لەگەڵ رژێمی بەعس و هەم لەگەڵ پارتە کوردییەکاندا هەبوو.

چەکدارە بەکرێگیراوە کوردەکان، لەنێوان ئەو سەربازانەی بەشداریان لە پرۆسەکەدا دەکرد، پێگەیەکی نزمتریان هەبوو، بە دیدێکی سوکەوە سەیر دەکران.



ئەو جاشانە شاخەکانی ناوچەکە و خەڵکەکەیان زۆر بەباشتر دەناسی، ئەگەر بیانویستایە زۆر باشتر لە سەربازە عەرەبەکان دەیانتوانی چاودێری کوردەکان بکەن و دەستگیریشیان بکەن، بەڵام زۆربەیان هێندە حەزیان بەپەیڕەویی لەفەرمانەکانی ئەلمەجید نەدەکرد.

پێناچێ سەرجەم چەکدارە بەکرێگیراوە کوردەکان، بەشێوەیەکی یەکسان ئاگاداری ئامانجەکانی ئەم پرۆسەیە بووبن، بەزۆربەیان وترابوو ئامانجیان چۆڵکردنی دانیشتوانی گوندەکان و جێگۆڕکێکردنیانە واتا سیاسەتی راگواستنە. بەدرێژایی پرۆسەکە، ئەوان یارمەتیەکی زۆری دیلەکانیان دەدا، بەڵام بەهەرحاڵ کەم نەبوون ئەو کوردانەی لە کوشتاری هاوڵاتیان و بەتاڵانبردنی ماڵوموڵکیاندا بەشداریان دەکرد.

ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد کە پرۆسەی ئەنفال بەپێچەوانەی زۆرینەی جینۆسایدەکانیترەوە، پتر لەوەی لەئەنجامی ناکۆکییە نەتەوەییەکان بێت کە لەلایەن گروپێکەوە لەپێناو ئامانجی سیاسی ئەنجام دەدرێت و ئاراستە دەکرێت، بەرهەمی سیاسەتەکانی دەوڵەتێکی نهێنی و دەسەڵاتێکی ناوەندی بوو.

دووژمنایەتی رژێمی عیراق لەگەڵ کوردەکاندا شتێ نەبوو کە لەچاوی کەس بەدوور بێت، لە ساڵی (١٩٧٠)ەوە، چەندینجار رژێم دووژمنایەتی خۆی لەگەڵ کوردەکاندا سەلماندووە، بەڵام لەم نێوانەدا دوو ڕووداو هەبوو کە نیشانی دەدا تاچەند رژێمی عیراق حەز بەلەناوبردنی کوردەکان و قەتلوعامکردنیان دەکات کە بریتی بوون لە لەناوبردنی ئەندامانی هۆزی بارزانی لە ساڵی (١٩٨٣) و بۆمبارانی هەڵەبجە لە ساڵی (١٩٨٨)دا.



لەساڵی (١٩٧٦) هەزاران کەس لە ئەندامانی هۆزی بارزانیەکان بۆ باشوری عیراق دوورخرانەوە. لە ساڵی (١٩٨١) بەرەو باشوری هەولێر گوێزرانەوە، لە ساڵی (١٩٨٣) کە ئێرانییەکان توانیان شاری سەرسنوری (حاجی ئۆمەران) بەیارمەتی پێشمەرگە کوردەکان بخەنە ژێر دەستی خۆیانەوە، حکومەتی عیراق تۆڵەی ئەم شکستەی لە ئەندامانی خێزانە بارزانیەکان ستاندەوە.

بەپێی وتەکانی (هۆشیار زێباری) کە لەو ساتە وەختەدا وتەبێژی حیزبەکەی بوو، ئێستاش وەزیری کاروباری دەرەوەی عیراقە، حیزبی بەعس پتر لە (٨) هەزار کەسی لە ئۆردوگای (قوشتەپە)وە گواستەوە و چیدی هیچکامیان نەبینرانەوە. ئەو ژنانەی لەئۆردوگاکاندا مابوونەوە، بەزیندوویی مانەوە و ڕوویانکردە کارە بێدەرامەتەکان و کارێکیان دەکرد تا پاشماوەی ژیانیان لە هەژاریدا

بەسەرببەن. بەم پێیە سیاسەتی حکومەت تەنها لەچوارچێوەی سڕینەوەی فیزیکیانەی کوردەکان لە عیراقدا قەتیسی نەخواردبوو، ئەوان دەیانویست سیمبولە خێزانییە پڕ لە شانازییەکان و لەخۆبایبوونی بارزانیەکانیش وێران بکەن.

بۆمبارانی کیمیایی هەڵەبجە لە (١٦ی مارسی ١٩٨٨) کە تیایدا نزیکەی (٥,٠٠٠) هەزار کەس بەشێوەیەکی دڕندانە کوژران، ڕووداوێك بوو کە لە ئەنفال زیاتر لە یادەوەریی کوردەکاندا وەك سیمبولێکی سەرکوتکردنی کوردان لەعیراقدا مایەوە.

ڕەنگە ناسراوترین و کاریگەرترین وێنەیەك کە لەم ڕووداوەوە جێماوە، وێنەیەکی (ڕەمەزان ئۆزتورك)ی وێنەگری کوردی خەڵکی تورکیایە، لەم وێنەیەدا باوکێکی کورد کۆرپەکەی لەباوەش



گرتووە و هەردووکیان بەهۆی ژەهراوییبوونیان بە بۆمبە کیمیاییەکان کوژراون.

بۆمبارانی هەڵەبجە ناتوانرێ بە بەشێك لە پرۆسەی ئەنفال هەژمار بکرێت (لە ئەنفالدا زیاتر گوندەکان جێگەی مەبەست بوون نەك شارەکان)، بەڵام ڕاستیەکەشی هەر بەو چەشنە بوو.

بۆمبارانی کیمیابارانی هەڵەبجە ستراتیژێکی سیاسی یاخود سەربازیی تایبەتی بەدواوەنەبوو، بەڵگەیەکی سەلمێنەریش بۆ ئەو تاوانە لەئارادانەبوو. پێدەچوو ئامانجی سەدام لەم ڕەفتارە، ئاگادارکردنەوەی کوردەکان و نیشاندانی حەزی تۆڵەسەندنەوە بووبێت. دوای بۆمبارانەکە، عیراقیەکان تا ماوەیەکیش کارێکی ئەوتۆیان بە هەڵەبجە نەبوو. لەتەممووزی (١٩٨٨)دا بوو کە سەربازانی عیراق دووبارە شارەکەیان داگیر کردەوەو ژمارەیەکی کەم لەو دانیشتوانانەی

مابوونەوە، بۆ شارێك گوازرانەوە ناوی (هەڵەبجەی تازە) بوو کە چەند کیلۆمەترێك لە شارە ڕەسەنەکەوە دوور بوو.

هێشتا کەس بەشێوەیەکی ورد باسی لەم مەسەلەیە نەکردووە کە کێشە ئیتنیکیەکان و ڕقی کوردو عەرەب لەیەکتر، چ ڕۆڵێکی لە ئەنفالدا هەبوو، بەڵام ڕاستیەکەی ئەمەیە کە مەسەلە ئیتنیکیەکان ڕۆڵێکی گرنگی ئەوتۆی لە ڕووداوی ئەنفالدا نەگێڕا. ڕەگەزپەرستی هیچ کاتێ یەکێك لە خەسڵەتە گرنگەکانی کۆمەڵگای عیراق یاخود بەشێکی چارەنوسسازی ئایدۆلۆژیای حیزبی بەعس نەبووە. ئەگەرچی شەڕە سنوردارە نەتەوەییەکان و ناکۆکیە ڕەگەزییەکان کەم تازۆر لەناوچە جۆراوجۆرەکانی عیراقدا بەرچاو دەکەوێت،



بەڵام ڕەهەندەکانی بەهیچ شێوەیەك هێندە نیە کە بە کوشتوبڕی نەتەوەیی و قەتڵوعام کۆتایی بێت.[٥]

لە گوتاری ڕەسمی بەعسیەکاندا، دڵسۆزی، خیانەتو خراپەکاری (کە ڕاستەوخۆ لەگوتاری ستالینیستیەوە وەرگیراوە) زۆر لە چەمکە ڕەگەزیو نەتەوەییەکان کاریگەرترو بنەڕەتیترن. بۆ کوشتنی نەتەوەیەك، سودوەرگرتن لەچەمکەکانی خیانەت و خراپەکاری ڕێگایەکی ئاسانتر و ئاراستەکراوترە بەبەراورد لەگەڵ ڕێگەیەکی بیرۆکراتیانە.

---

[٥]-لێرەدا نوسەر کەوتۆتە هەڵەیەکی کوشندەوە، قەتڵوعامی (١٨٢,٠٠٠) هەزار کەس لە پرۆسەی ئەنفال و بێسەروشوێنکردنیان، بەپێی هەموو پێوەرەکان دەچنە خانەی جینۆسایدەوە، تەنانەت لەم ماوەیەشدا دامەزراوەی جینۆساید لە ئەمریکا، کارەساتی ئەنفالی کورد لە عیراقدا بە نۆیەمین جینۆسایدی سەدەی بیستەم ناوزەد کرد، لەسەر ئاستی جیهانیش خستیە لیستی جینۆسایدە گەورەکانی جیهانەوە.

(وەرگێڕی کوردی).

کاتێك بەعسیەکان زمانی ڕەگەزپەرستانەیان بەکاردەهێنا، لەهەمبەر جولەکەکان و ئێرانیەکان زۆرتوندتر لە کوردەکان دەدوان. گومان لەوەدانیە کە ئایدۆلۆژیای بەعسیەکان لەسەر ناسیۆنالیزمی عەرەب بنیاتنرابوو، بەڵام ئەگەر چانسی ئەوە هەبووایە کە جێگەیەك بۆ ژیانی ئاشتیخوازانە لەگەڵ ڕەگەزەکانیتردا دابندرێت، پشکی کوردەکان لەهەمووان زیاتر دەبوو.

بەشێك لەوەڵامی ئەم پرسیارە بۆ ئەم خاڵە دەگەڕێتەوە کە ئەوە دەستنیشان بکەین خودی ئەلمەجید تاچەند ڕەگەزپەرست بووە، لە شریتێکدا کە وتاردانێکی ئەوی بۆ ئەفسەرانی باڵای ڕژێم لەخۆگرتووە، ئەلمەجید بەتوندوتیژی و ڕقەوە لە کورد دەدوێت، بەڵام لە قسەکانیدا بەهیچ شێوەیەك ڕق لە (کورد) وەك (ڕەگەز)ێك بەرچاو ناکەوێت، ئەو



کوردەکان وەك خراپەکار و کەسانێك کە (وەك سەگ دەژین) ناویان دەبات.

بەهەرحاڵ لە گوتاری ڕەسمی ڕژێمی عیراقدا، کوردەکان وەك نەتەوەیەك ناسرا بوون کە لەتەك عەرەبەکان لە عیراقدا دەژین و هەموویان بە بەشێك لە دانیشتوانی عیراق هەژمار دەکرێن.

بەهەرحاڵ، بەعسییەکان لە ئەنفالدا ڕێژەی دڵڕەقی خۆیان نیشاندا. دوای ئەم پرۆسەیە، تەنها (٦٧٣) گوند لە گشت کوردستانی عیراقدا مابۆوە. بەدرێژایی چەندین ساڵی کوشتاری کوردەکان، ڕژێم (٤٠٤٩) هەزار گوندی کاول کردبوو. شاری قەڵادزێ کە (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دانیشتوانی هەبوو و لە ئەنفالدا نەکرابووە ئامانج، کردیان بە ئۆردوگای ئاوارەکان. لە حوزەیرانی (١٩٨٩) وێران کرا و لەگەڵ خاکدا یەکسان کرا. ئەگەر لەساڵی

(١٩٩٠)دا قەیرانی جەنگی کەنداوی فارس نەهاتبایە پێش، نەدەزانرا ئەم کارەساتە تا کەی درێژەی دەکێشا.

رژێمی عیراق سەرجەم هەوڵەکانی خۆی خستەگەڕ تا ڕەهەندەکانی ئەنفال بەنهێنی بمێنێتەوە، بەپێی تواناش ڕێگە لە دزەکردنی زانیاریەکان بۆ میدیاکانی دەرەوە بگرێت.

لەمانگی مارس (١٩٨٨)دا ڕادیۆی عیراق یەك لەدوای یەك ڕاپۆرتەکانی (پرۆسە سەرکەوتووەکانی ئەنفال)ی پەخش دەکرد، لەم ڕاپۆرتانەدا بە دەنگدانەوەیەکی فراوانەوە سەرکەوتنی سەربازانی عیراق لە شکستدانی خراپەکاران و بەکرێگیراوانی ئێران تاوتوێ دەکران. لە هیچکام لەم ڕاپۆرتانەدا، ئاماژە بۆ بەکارهێنانی چەکی کیمیایی،



لەسێدارەدان و دەربەدەرکردنی هاوڵاتیان و کاولکردنی گوندەکان نەدەکرا.

ئەم بەنهێنی هێشتنەوەی زانیاریەکان تا ئەو ئەندازەیە سەرکەوتوو بوو کە هێشتاش لایەنە ئەوروپیەکان لەڕێککەوتنامە سەربازیەکانیاندا لەگەڵ عیراق، چەکی کیمیاییان بەم وڵاتە دەفرۆشت، بەڵام کارەساتە سەرەکیەکە دەوڵەتی ڕۆناڵد ڕێگان هێنایەئارا. ڕێگان و بوشی باوك ئاگاداری ڕەهەندەکانی تاوانەکانی ڕژێمی سەدام بوون، لەگەڵ ئەمەشدا لەڕووی سەربازیەوە پشتیوانیان لە عیراق دەکرد.

دیکۆمێنتە دەستەبەرکراوەکان نیشانیدەدەن دەوڵەتی ئەمریکا ئاگاداری سەرجەم وردەکارییەکانی تاوانەکانی سەدام و بەرنامەکانی بووە بۆ بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دژ بەدانیشتوانی خۆی. تائێرە

هەروەك ئاماژەمان بۆ كرد، پێگەی بەدواداچوون‌و لێكۆڵینەوە لە كارەساتی ئەنفال زۆر بووە، ئەو لێكۆڵینەوانەی تائێستا خراونەتەڕوو، بەشێوەیەكی سەرەكی مەبەستدارانە بووە. ناسیۆنالیستە توندڕەوەكانی كورد ئەنجامدەرانی ئەم تاوانەیان بەنازناوی وەك (ڕەگەزپەرست) و (فاشیست) تۆمەتبار كردووە، ئیسلامیەكان بە نیشانەیەك بۆ كفرو لادینی سەدام حسێنی دەزانن، بەڵام هیچكام لەم تۆمەتباركردنانە یارمەتیەكی ئەوتۆی تێگەیشتن لە واقیعی كارەساتەكە نادەن بەدەستەوە. ئەنفال چیرۆكێكە كە هێشتا بەشێكی گرنگی بە نەوتراو ماوەتەوە.

تائێستا بەڵگەنامەو دیكۆمێنت‌و ڕاپۆرتەكانی شایەتحاڵەكانی ئەو ڕووداوە بە زمانی ئینگلیزی بڵاونەكراوەتەوە. چەند پەرتوكێكی بەنرخی وەك



(تونی مەرگ)ی نوسینی (زیاد عەبدولرەحمان) دەربارەی ڕووداوی ئەنفال نوسراوە كە هەموویان تەنها كوردین، ئەوەی لێرەدا خراوەتەڕوو شایەتیدانی دوو كەس لە جێماوەكانی كارەساتی ئەنفالە.

## راپۆرتی یەكەم: هێرشی كیمیایی

ئەوەی لێرەدا دەیخوێنیتەوە شایەتیدانی (عەبدوڵڵا عەبدولغەدیر عەسكەری)یە كە لەهێرشی كیمیایی بۆسەر گۆپتەپەدا بەسەلامەتی ماوەتەوە، ئەم شایەتحاڵە دەڵێت:"پاشنیوەڕۆی ڕۆژی ٣ی ئایاری ١٩٨٨ بارودۆخ لە گوندی گۆپتەپە ئاسایی نەبوو، بیستبووم كە رژێمی بەعسی دەیەوێ هێرشی كیمیایی بكاتەسەر ئەو ناوچەیە، بەڵام نەماندەزانی بڕیارە ئەم ڕووداوە كەی ڕووبدات.

مانۆڕە سەربازیەکانی ئەو ناوچەیە کەمێ لەگەڵ پێشوودا جیاواز بوو، پاشنیوەڕۆی ئەو رۆژە لەگەڵ برازا و دوو کەس لە هاوڕێیانم لە کێڵگەکەم دەگەڕامەوە، بەرەو ئەو گردە دەچووین کە گوندەکەی تیادا بنیاتنرابوو، دەمانویست بزانین هەواڵی ئەو دەوروبەرە چیە. دوو فڕۆکەی هەواڵگری لەسەروو ئێمەوە تێپەڕین، پاشان کۆمەڵە فڕۆکەیەکیتر لە دوورەوە دەرکەوتن، (١٨) فڕۆکەی جەنگی بوون. دەنگی تەقینەوەکان زۆر نەبوون و ئیدی تائەندازەیەك دڵنیابووین کە بۆمبارانی کیمیاییە. سەرمان بەرز کردەوە، هەورێکی ڕەنگ خۆڵەمێشیمان بینی کە لە ئاسمانی سەروو گوندەکەوە دیار بوو. بەپێچەوانەی ئاراستەی (با)وە، بەرەو بەرزایی تەپۆلکەکە ڕامان کرد تا لە بای هەورە خۆڵەمێشیەکان دوور بکەوینەوە. دەنگی دانیشتوانی گوندەکەمان دەبیست:"هێرشی



کیمیاییە! ڕابکەن! بۆ بەرزایی تەپۆلکەکە ڕابکەن!. ژمارەیەك خەڵك وەك من توانیان بگەنە بەرزایی تەپۆلکەکە و ڕزگار بن، بەڵام هەندێکیشیان لە خوارەوە مانەوە و مردن.

لەسەر تەپۆلکەکە من وتم (١٥) خولەك ئارام دەگرم و پاشان دەچمە خوارەوە، ئەگەر زووتر نەڕۆیشتینایە ئێمەش ژەهراوی دەبووین، بەڵام هاوڕێکانم بایەخیان پێنەدا. لەهەمان ساتدا بۆ گوندەکەمان گەڕاینەوە و خەڵکمان دەبینی کە لەسەر زەوی کەوتبوون، یەکێکیان بەمنی وت:"سەرجەم خێزانەکەت لەدەست داوە، هەموویان کوژراون. یەکێك لە بۆمبەکان بەر چەقی ماڵەکەت کەوتووە.

دەمەویست بڕۆمەوە بۆ ماڵەوە، بەڵام نەمانتوانی زۆر بمێنینەوە، ئەو گازەی بەسەر گوندەکەی ئێمەدا

باری بوو، لەكاتی هەناسەداندا خێرا ئەندامانی لەشی لەكار دەخست و سپی دەكرد و لەماوەی دوو خولەكدا مرۆڤی دەكوشت.

بیست خولەكی مابوو بۆ خۆرئاوابوون، گەیشتمە ماڵەوە. هەوا تاریك ببوو، بەڵام چرایەكم پەیدا كرد و چوومە ئەو ژێرزەمینەی كە بۆ كاتی هێرش دروستم كردبوو- بەهاوسەرەكەم وتبوو لەكاتی هێرشی كیمیایی پەنا بۆ ئەم شوێنە ببەن، هیچ كەس لەوێ نەبوو. لە ماڵەوە هاتمە دەرەوە و لەكەنار جۆگەیەكی بچوك كە بەتەك ماڵەكەماندا دەڕۆیشت، دایكم دۆزییەوە....لەسەر زەوی كەوتبوو و ناودەمی پڕ لە كەف بوو.

زۆرینەی ئەندامانی خێزانەكەم لەوێ بوون، چونكە بیستبوویان لەكاتی هێرشی كیمیایدا ئاو یارمەتیەكی زۆری بەزیندوو هێشتنەوەیان دەدا...



زۆربەیان لەتەك ڕووبارەكەدا بێهۆش كەوتبوون یاخود لە ئاوەكەدا خنكا بوون.

كەمێك لەولاتر، جەستەی كیژۆڵە (٩) ساڵەكەم لە باوەشی پورزاكەیدا دۆزییەوە كە هەردووكیان لەئاودا خنكابوون. پاشان جەستەی برازایەكیترم لەگەڵ باوكیدا بینی، كەمێك لەولاتریش دەنگی منداڵێكم بیست، دایكی لەلێواری چۆمەكەدا مردبوو و بەسەر دایكیدا كەوتبوو... منداڵەكەی نەیدەتوانی خۆی ڕزگار بكات.

لەناوچەیەكدا بەڕووبەری (٢٠٠ تا ٣٠٠م٢)، جەستەی دەیان كەسم لە ئەندامانی خێزانەكەم دۆزییەوە، منداڵەكانم....باوكم....براكانم....برازا و خوشكەزاكانم...هەموویان مردبوون یاخود دواهەناسەیان دەدا. گریانم نەدەهات، نەمدەزانی بۆ كامیان بگریم.

هاوسەر و یەکێك لە براکانم هێشتا زیندوو بوون، ڕووخساریان بە خوێن و ڕشانەوە سواخ درابوو و دەیانناڵاند، ڕووخساریانم پاکژ کردەوە و هەناسەی دەستکردم بۆ کردن، هەربۆیەشە ئەوان بەزیندوویی مانەوە.

خێزانەکەمان پتر لە (٤٠) کەس بوو، لەو ژمارەیە تەنها (١٥) کەسیان بەزیندوویی مانەوە، پتر لە (٢٥) کەس کە هەر پێنج منداڵەکەمی تێدابوو، گیانیان لەدەستدا.

## ڕاپۆرتی دووەم: گۆڕەکانی کوشتنی بەکۆمەڵ

ئەوەی دەیخوێنیتەوە، گفتوگۆیەکی ڕاچڵەکێنەرە لەگەڵ (تەیمور عەبدوڵڵا) کە توانی لە یەکێك لە مەیدانە تەلبەندکراوەکانی لەسێدارەدان، لەسەرسنوری عەرەبستانی سعودیە خۆی دەرباز



بکات، خێزانێکی شیعە لە بەغداد پەنای دەدەن و یارمەتیان دا بگەڕێتەوە بۆ کوردستان.

***کاتێك گەیشتیتە زیندانی تۆپزاوا لە کەرکوک، چی ڕوویدا؟**

-ژنان و زارۆکەکانیان لەپیاوان جیا کردەوەو بۆ شوێنێکیتریان بردن.

***تۆ لەکام گروپ بوویت؟**

-منیان لەگەڵ خوشکەکەم و دایکمدا بۆ بەشی ژنان برد.

***دوای ئەوە، جارێکیتر باوکتان بینیەوە؟**

-تەنها یەك جار.

***ئەو جارەش چۆن بوو؟**

–جلوبەرگـــەكانیان لەجەســـتەی دامـــاڵی. كەلەپچەیان كردە دەستی و لەگەڵ ژمارەیەكی زۆری پیـاویتردا ســواری زیلیــان كــردن و بردیــانن بــۆ شوێنێكی نادیار.

***دوای ئەوە، ئیدی باوكتان بینیەوە؟**

–نەخێر

***ئێوەیان بۆ كوێ برد؟**

–بەرلــە گەیشــتنمان بــۆ شــوێنی لەسـێدارەدان، چـــاوەكانیان بەســـتینەوەو قومـــێ ئـــاویش بەهەریەكێكمان درا، پاشان ئێمە براینـە مەیـدانێكی تەلبەند كراوەوە، بەسیلەی چاو توانیم چەند شتێك ببینم، ئەو شوێنە پڕ لە سەرباز بوو.



***دەستەكانت بەسترابوونەوە؟**

–نەخێر.

***لەو مەیدانە تەلبەند كراوەدا ئەو  شتەی بینیت چی بوو؟**

–ژمارەیەكی زۆر گۆڕی بەكۆمەڵی ئامادەكراو.

***پێتوایە چەند بوون؟**

–هـەوا تاریك بوو، بەتـەواوەتی نەمدەبینی بەڵام زۆر بوو.

***دواتر چی ڕوویدا؟**

–ئێمەیان خستە ناو ئەم گۆڕە بەكۆمەڵانەوە.

***تۆیـان ڕاسـتەوخۆ لـە زیلەكانـەوە بـردە نـاو گۆڕەكانەوە؟**

–بەڵێ.

***قوڵی یان چەند بوو؟**

-زۆر بوو.

***چەند بوو؟**

-بەئەندازەی پیاوێکی باڵابەرز.

***لەهەر گۆڕێکدا چەند کەسیان تێدەهاویشت؟**

-هەر زیلێکیان بۆ گۆڕێك دەبرد.

***لەهەر زیلێکدا چەند کەسی تێدابوو؟**

-١٠٠ کەس.

***گۆڕەکان بەچ شێوەیەك بوون؟**

-بەشێوەی لاکێشەیی.

***بەچی چاڵەکانیان هەڵکەندبوو؟ چاڵەکان وەکیەك وابوون؟**

-هەموویان بە بلدۆزەر چاڵ کردبوو.



***ڕووخساری سەربازەکانت بینی؟**

-بەڵێ

***چ شتێ لەڕووخسیاریاندا دەردەکەوت؟**

-زۆربەیان دەموچاویان گرژ ببوو و دەگریان، یەکێکیان نەیدەویست من بخاتە گۆڕەکەوە بەڵام ئەویتریان ملی پێکەچ کردو ناچاری کرد.

***ئەو کەسەی نەیدەویست تۆ بخاتە گۆڕەکەوە، هەمان ئەو کەسە نەبوو کە تەقەی لێکردیت؟**

-بەڵێ هەمان کەس بوو، یەکێك لە گولەکانی ئەو بەر من کەوت و منی بریندار کرد (لێرەدا شوێنی برینەکە نیشان دەدات).

***ڕاپۆرتی سێیەم: عەلی حەسەن ئەلمەجید (شریتێکی تۆمارکراوی دەنگی عەلی حەسەن ئەلمەجیدە لە ٢٦ی ئایاری ١٩٨٨)**

جەلال تاڵەبانی داوای لێکردم کەناڵێکی تایبەتی لەگەڵدا بکەمەوە، ئەو ئێوارەیە چووم بۆ سلێمانی و بەچەك و کەرەستەی تایبەت لێمدان، ئەوە وەڵامی من بوو. ئەوجا ئێمە هەر بەردەوام بووین لەسەر ڕاگوێزان. من بەموستەشارەکانم ڕاگەیاند کەوا ڕەنگە بڵێن ئێمە گوندەکانی خۆمان خۆش گەرەکە و نامانەوێ بەجێیان بهێڵین. وتم من ناتوانم لەگوندەکەت گەڕێم لە شوێنی خۆی بمێنێ چونکە بەچەکی کیمیایی لێی دەدەم و ئەوکاتە خۆت و خێزانت تیادەچن. تۆ دەبێ هەر ئێستا بەجێی بهێڵیت، لەبەرئەوەی ناتوانم پێت بڵێم من چ ڕۆژێ بەچەکی کیمیایی لێی دەدەم، من هەر هەموویان



بەچەکی کیمیایی تاق بڕ دەکەم! بزانم کێ قسە دەکات؟ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی؟ لە کۆمەڵی نێودەوڵەتی بەمو لەوانەش گوێیان لێدەگرن!. تەنانەت ئەگەر شەڕ لەگەڵ ئێرانیشدا بوەستێ و ئێرانیەکان لەتەواوی ئەو شوێنانە بکشێنەوە کەوا داگیریان کردووە، من هەر دانوستان لەگەڵ ئەودا ناکەم (واتە تاڵەبانی) و ڕاگواستن ناوەستێنم. ئەمە نیازی منە و دەمەوێ بەچاکی ئاگادار بن.

هەر کاتێکیش لەڕاگوێزان بووینەوە لە هەموو شوێنێك دەست دەکەین بە پەلاماردانیان و بەپێی نەخشەو پلانێکی داڕێژراوی سەربازی، پێگەو سەنگەرەکانیشیان دەکوتین. لەو هێرشانەدا سێ یەك یاخود نیوەی ئەو شوێنانە دەگرینەوە کە لەژێر دەسەڵاتیاندایە، ئەگەر توانیمان دوو لەسەر سێی شوێنەکانیان لێبگرینەوە ئەوە لە کەلێن و قوژبنی

بچوك بچوكدا دەوریان دەدەین و ئەوجا بەچەکی کیمیایی لێیان دەدەین.

من تەنها رۆژێك بەکیمیایی لێیان نادەم، بەڵکو بەردەوام ماوەی پانزدە رۆژ بەچەکی کیمیایی دەیانکوتم، دوای ئەوە ڕایدەگەیەنم کە هەر کەسێك دەیەوێ بەچەکەکەیەوە خۆی بداتە دەستەوە ڕێگەی پێدەدەرێت. ئەوکاتە من یەك ملیۆن لەم ڕاگەیاندنە چاپ دەکەم و بەسەر باکوردا بڵاوی دەکەمەوە، بەکوردی سۆرانی و بادینانی و بەعەرەبیش. من ناڵێم ئەمە لەلایەن حکومەتی عیراقەوەیە و نایەڵم حکومەت تێکەڵی کارەکە ببێت. من دەڵێم ئەمە لێرەوەیە (واتا نوسینگەی باکور). پاشان ئەوەی حەز دەکات بگەڕێتەوە بەخێربێتەوە، ئەوانەی نەگەڕانەوە دیسانەوە بەچەکی نوێ هێرشیان دەکەمەسەر. من ناوی چەکی کیمیایی نابەم چونکە ئەوە قەدەغەیە، بەڵام دەڵێم بەچەکی کوشندەی نوێ



داتان دەڕزێنم. بەم جۆرە هەڕەشەیان لێدەکەم و هانیان دەدەم خۆ بەدەستەوە بدەن. پاشان ئەوکاتە دەبینن هەرچی ئۆتۆمبێلی دنیا هەیە فریای گواستنەوەیان ناکەوێت، من وا هەست دەکەم و وای بۆدەچم کە ئەوانە بۆڕ دەدرێنو دەبەزن. سوێند دەخۆم و دڵنیام کە دەیانبەزێنین.

**سەرچاوە:**

**مایکــل لیزنــبرگ: انفــال در کردســتان عــراق، ســایتی تایبەتی مایکل لیزنبرگ.**

# زنجیرەکانی هۆشیاری

| ژ. بڵاوکراوەکان | ژ. هۆشیاری | بابەت | نووسەر و وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| ٣٤٥ | ١ | کوردەکان و مافی چارەی خۆنووسین | ن. ئیسماعیل بێشکچی<br>و. رەوا حاجی | ٢٠١٠ |
| ٣٤٦ | ٢ | سیستمی سیاسی سویسرا | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠١٠ |
| ٣٤٧ | ٣ | ئایین و دەوڵەت لەمیسری سەردەمی محەمەد عەلی پاشادا | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |
| ٣٥٠ | ٤ | ناوچە جێناکۆکەکان، ئایندەو ئاسۆکانی چارەسەر | تەحسین نامیق | ٢٠١٠ |
| ٣٥١ | ٥ | بەعەرەبکردن و بەجولەکەکردن | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |
| ٣٥٢ | ٦ | ئایین و ئازادی بیروڕا | نووسینی:<br>عەبدولڕەحمان مونیف<br>و. عوسمان حەسەن | ٢٠١٠ |



| ژ. بڵاوکراوەکان | ژ. هۆشیاری | بابەت | نووسەر و وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| | | | شاکر | |
| ٢٥٣ | ٧ | نەتەوە چییە...؟ | ن. ئێرنست ڕینان<br>و. کامیل محمد قەرەداغی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٨ | ٨ | پەرلەمان - سەرهەڵدان و پێکهاتەو ئەرکەکانی | ئامادەکردنی<br>عادل عەلی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٩ | ٩ | الحصانة البرلمانية في قانون انتخاب برلمان كوردستان - العراق ومشروع دستور اقليم كردستان | د. شۆرش حسن عمر | ٢٠١٠ |
| ٣٦٠ | ١٠ | ئایین و مۆدێرنە | مستەفا مەلەکیان<br>و. لەعەرەبییەوە یاسین عومەر | ٢٠١٠ |
| ٣٦١ | ١١ | المدارس السياسية الثلاثاء في العراق و امكانية التعايش السلمي فيما بينها | فريد اسسرد | ٢٠١٠ |
| ٣٦٥ | ١٢ | پێگەی میدیا لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکادا | ڕێبین حەسەن | ٢٠١١ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣٦٦ | ١٣ | مميزات النظام الفدرالي | د. شورش حسن | ٢٠١١ |
| ٣٦٧ | ١٤ | جيهانگيرى ، فاكتەرو گرفتەكانى ديموكراسى | مەلا بەختيار | ٢٠١١ |
| ٣٦٨ | ١٥ | پەيدابوونى عەلمانيەت | فريد اسسرد | ٢٠١١ |
| ٣٦٩ | ١٦ | ئيسلامو مۆدێرنە، ئيسلام لەبەردەم ئەگەرى عەلمانيەتدا | ن. محمد رەزا شالگونى<br>و. عوسمان حسن شاكر | ٢٠١١ |
| ٣٧٨ | ١٧ | سياسەتى رووخسارى نەتەوەيى ناوچەى كەركوك | د. نورى تاڵەبانى | ٢٠١١ |

## لەبڵاوکراوەکانی
## ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران
## ساڵی (٢٠١٠ - ٢٠١١)

| ژ | ناوی بڵاوکراوە | ناوی نوسەر | ساڵی دەرچوون |
|---|---|---|---|
| ٣٢٥ | حول الفدرالية - النظامان السويسري والعراقي – دراسة مقارنة | كاوسين بابكر | ٢٠١٠ |
| ٣٢٦ | المركز القانوني الدولي للقوات المتعددة الجنسيات في العراق | عبدالصمد رحيم كريم زنگنه | ٢٠١٠ |
| ٣٢٧ | جلال طالباني ـ مواقف و آراء | صلاح برواري | ٢٠١٠ |
| ٣٢٨ | قراءة البعث للفاشية التأريخية | د. البرت عيسى | ٢٠١٠ |
| ٣٢٩ | ٢٠١٠ ساڵی کۆنگرەی ڕووبەڕووبوونەوە | حاكم قادر حمەجان عزيز | ٢٠١٠ |
| ٣٣٠ | پرۆژەی مەکتەبی بیروهۆشیاری بۆداڕشتنی بەرنامەی (ی. ن. ك) | عوسمان حەمە رەشید گورون | ٢٠١٠ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٣١ | ئاغاو شێخ و دەوڵەت | و. کوردۆ عەلی | ٢٠١٠ |
| ٣٣٢ | مێژووی فەلسەفە | و. لە سویدییەوە: عوسمان حەمە رەشید گورون | ٢٠١٠ |
| ٣٣٣ | طالباني جورج واشنطن العراق | خليل عبدالله ترجمة: حسن شندى | ٢٠١٠ |
| ٣٣٤ | العدالة بين الفلسفة والقانون | اسماعيل نامق حسن | ٢٠١٠ |
| ٣٣٥ | حوارات ونقاشات فكرية وسياسية واجتماعية و إقتصادية | د. كاظم حبيب | ٢٠١٠ |
| ٣٣٦ | المجتمع المدني والدولة، وإشكالية العلاقة | زبير رسول احمد | ٢٠١٠ |
| ٣٣٧ | الطبيعة القانونية لعقد الزواج | زبير مصطفى حسين | ٢٠١٠ |
| ٣٣٨ | ئایین و دەسەڵات | هاشم کەریمی | ٢٠١٠ |
| ٣٣٩ | فيمينيزم | رەسول سوڵتانی | ٢٠١٠ |
| ٣٤٠ | سياسة التعريب في قضاء شنكال | بيان محمد سعيد | ٢٠١٠ |
| ٣٤١ | الامن و مستقبل السياسة الدولية | فرهاد جلال مصطفى | ٢٠١٠ |
| ٣٤٢ | زنجیرەیەك گفتوگۆی مەدەنی، عەلمانییەت و ئایین، عەقڵ و | ئومێد قەرەداغی | ٢٠١٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | شەریعەت، كوردو میدیای عەرەبی | | |
| ٣٤٣ | مسرحیات و تحلیل | فریدریش دورینمات<br>ت: غسان نعسان | ٢٠١٠ |
| ٣٤٤ | رجعیة القانون في الماضي على الجرائم ضد الإنسانیة | زانا رفیق سعید | ٢٠١٠ |
| ٣٤٥ | كوردەكان و مافی چارەی خۆنووسین زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (١) | ئیسماعیل بێشكچی<br>و. ڕەوا حاجی | ٢٠١٠ |
| ٣٤٦ | سیستمی سیاسی سویسرا<br>زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٢) | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠١٠ |
| ٣٤٧ | ئاین و دەوڵەت لەمیسری سەردەمی محەمەد عەلی پاشادا<br>زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٣) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |
| ٣٤٨ | گۆڤاری كەلتور | | ٢٠١٠ |
| ٣٤٩ | ڕۆژنامەی كوردی گۆڤاری هەولێر ساڵی (١٩٧٠ ـ ١٩٧٢) | ئامادەكردنی:<br>د. هیمدادی حوسێن | ٢٠١٠ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٥٠ | ناوچە جێناكۆكەكان، ئایندەو ئاسۆكانی چارەسەر، زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٤) | تەحسین نامیق | ٢٠١٠ |
| ٣٥١ | بەعەرەبكردن و بەجولەكەكردن ، زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (٥) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |
| ٣٥٢ | ئایین و ئازادی بیروڕا<br>زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٦) | ن: عەبدولڕەحمان مونیف<br>و: عوسمان حەسەن شاكر | ٢٠١٠ |
| ٣٥٣ | نەتەوە چییە...؟<br>زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (٧) | و. كامیل محمد قەرەداغی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٤ | خانقین .. حكایات اعوام الرماد | یوسف یوسف | ٢٠١٠ |
| ٣٥٥ | بەعسیزم و سەركوتكردنی ژیان | رامیار مەحمود | ٢٠١٠ |
| ٣٥٦ | الدولة الایوبیة في الیمن | د. فرست مرعي | ٢٠١٠ |
| ٣٥٧ | سپینۆزا | ن. هاشم صالح<br>و. ئارام ئەمین شوانی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٨ | پەرلەمان مێژووی سەرهەڵدان و پێكهاتەو ئەركەكانی | ئامادەكردنی<br>عادل عەلی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٩ | الحصانة البرلمانیة في قانون | | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | انتخاب برلمان كوردستان - العراق ومشروع دستور اقليم كردستان | د. شورش حسن عمر | ٢٠١٠ |
| ٣٦٠ | ئاین و مۆدێرنە زنجیرەی هۆشیاری ژمارە ١٠ | مستەفا مەلەکیان و. لەعەرەوبیەوە: یاسین عومەر | ٢٠١٠ |
| ٣٦١ | المدارس السياسية الثلاث في العراق و امكانية التعايش السلمي فيما بينها زنجیرەی هۆشیاری ژمارە ١١ | فريد اسسرد | ٢٠١٠ |
| ٣٦٢ | گۆڤاری کەلتوور | | ٢٠١٠ |
| ٣٦٣ | نوێنەرانی کورد لەیەکەمین خولی پەرلەمانی عیراقی نوێدا | ئامادەکردنی: ساڵح رەحمان | ٢٠١٠ |
| ٣٦٤ | الموسوعة الكرد الصغرى | كنياز ابراهيم ميرزويف ت. عن الروسية: احمد حيدر علي | ٢٠١٠ |
| ٣٦٥ | پێگەی میدیا لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکادا ،ژ. ز، | ڕێبین حەسەن | ٢٠١١ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| | (١٢) | | |
| ٣٦٦ | مميزات النظام الفدرالي في العراق (ذ. ز. ١٣) | د. شورش حسن عمر | ٢٠١١ |
| ٣٦٧ | جیهانگیری ، فاکتەرو گرفتەکانی دیموکراسی، ژ، ز، (١٤) | مەلا بەختیار | ٢٠١١ |
| ٣٦٨ | پەیدابونی عەلمانیەت لەتورکیای عوسمانیدا، ژ. ز. (١٥) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٣٦٩ | ئیسلامو مۆدێرنە ، ئیسلام لەبەردەم ئەگەری عەلمانیەتدا (ژ. ز. هۆشیاری (١٦) | ن. محمد رەزا شالگونی و. عوسمان حسن ساكر | ٢٠١١ |
| ٣٧٠ | سیاسەتی روسیای قەیسەری بەرامبەر بەکورد (١٨٠٥٠-١٩١٤) | هەستیار کەمال کوردی | ٢٠١١ |
| ٣٧١ | المحطات، اثرت في حياة الكورد وحركاتهم القومية | بقلم: عبدالرزاق محمود القيسي | ٢٠١١ |
| ٣٧٢ | کورتە باسێکی فەلسەفەی سیاسی | ن. دەیڤد میلەر و. لەئینگلیزیەوە: | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | کارزان کاوسێن | |
| ٣٧٣ | هەواڵنامەی کوردستانی عیراق | ئامادەکردنی :<br>نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٧٤ | ئاغاو شێخو دەوڵەت<br>بەرگی دووەم | ن. مارتین ڤان برونەسن<br>و. لەئەڵمانیەوە:<br>د. کوردۆ عەلی | ٢٠١١ |
| ٣٧٥ | تاريخ الفكر الكردى | مامۆستا جعفر<br>ترجمة: د. بندر على | ٢٠١١ |
| ٣٧٦ | رۆژنامەنووسی کوردی لە کوردستانی عیراقدا (١٩٩١-٢٠٠٥) | هەڵەت خەسرەو<br>هەمەوەندی | ٢٠١١ |
| ٣٧٧ | مافی چارەی خۆنووسین لەئەدەبیاتی (ی. ن. ک)دا (١٩٧٥-١٩٩٢) | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٧٨ | سیاسەتی گۆڕینی روخساری نەتەوەیی ناوچەی کەرکوك<br>ژ. ز. هۆشیاری (١٧) | د. نوری تاڵەبانی | ٢٠١١ |